# بەعسیزم

# هێشتا هەڕەشە لە کورد ئەکات

ماوەیەکی زۆر نییە کورد لە بەشێکی کوردستاندا لە تیرۆر و تۆقاندنی بەعسیزم رزگاری بووە، لەبەشێکی دیکەدا بەعسییان دیسانەوە جینایەتێکی خوێناوییان خولقاند و خەڵکی چەوساوە و زوڵملێکراوی کوردیان لە کوردستانی بندەستی سووریادا خستە بەر هرووژمی رق و وەحشیگەریی خۆیانەوە و بە دەیان مرۆڤی بێتاوانیان شەهید، بە سەدانیان بریندار و بە هەزارانیان دەستگیر کردوە.

ئەگەر بەبێ هیچ جۆرە پێشداوەرییەك ئاوڕێك لە مێژووی ئێراق و سووریا بدەینەوە بۆمان دەرئەکەوێت کە بەعسیزم رۆچۆتە نێو رەگ و خوێنی تاکی عەرەبەوە لەم دوو وڵاتەدا و عەقڵییەتی سیاسیی ئەم کۆمەڵگایانە سیستەمێکی تۆتالیتەر و فاشیستی تاکە دەسەڵاتێکە ئەتوانێت بەرهەمی بهێنێت. ئەوان جیا لە دیکتاتۆرییەت لۆژیکێکیتر ناناسن وڵاتی پێ بەڕێوە بەرن، لۆژیك و ئەقڵییەتی سیاسییان بریتییە لە تیرۆر و تۆقاندن و کۆمەڵکوژی و جینۆساید. لە قامووسی سیاسییاندا دیمۆکراسی وشەیەکی نامۆیە و هیچ بوونێکی نییە.

بەڵگەی ئەم قسانەش رووداوەکانی ئەم دواییانەی قامیشلۆ و شارەکانی دیکەی باشووری رۆژئاوای نیشتمانە، هەروەك دەزانن لەم چەند رۆژەدا عەرەبەکان لە قامیشلۆ بە بەرزکردنەوەی دروشمی بژی سەدام و بمرێ کورد دەستیان داوەتە قڕکردنی کوردان و رژێمی کۆنەپەرستی سووریاش هێزەکانی خۆی بۆ پشتیوانیکردنی ئەو عەرەبانە رەوانەی شەقامەکان کردوە و چەندین هاووڵاتیی مەدەنیی کوردستانیان شەهید کردوە.

سەدام حسێنێك کە هەموو جیهان لە رووخان و دەستگیرکردنیدا جێژن و شایی ئەگێڕێت هێشتا پاڵەوانی یەکەمی جیهانی عەرەب و مایەی شانازیی کولتووری دواکەوتووی بەعسیزمە. هەر لەناو ئاوەها کولتوورێکەوەیە رێکخراوێکی گەورەی تیرۆریستیی جیهانیی وەك "ئەلقاعیدە" لەدایك دەبێت و لە هەرکوێ بچووکترین نیشانەیەکی دیمۆکراسی بەدی بکات یەکسەر دەچێتە سەری و هەوڵی نەزۆککردن و لەخشتەبردنی ئەدات. دەتوانین "بەعس" و "ئەلقاعیدە" بە دوو برای گیانی بەگیانی بزانین کە مەدەنییەت و پێشکەوتنیان کردۆتە ئامانجی هێرشەکانی خۆیان و بچووکترین دەنگێکی جیاوازیان پێ قبووڵ ناکرێت.

گەلی کوردیش کە ئێستا پێشەنگی دیمۆکراسیخوازییە لە رۆژهەڵاتی ناویندا، بە سەرەکیترین دوژمنی سەلەفییەت و پاشڤەڕۆیەتی دەژمێردرێت، هەر بۆیە عەرەبە فاشییەکان هەوڵی سەرکوتکردنی داخوازییە رەواکانی ئەدەن، چونکوو سەرکەوتنی کورد مانای فەشەلهێنانی پرۆژە تیرۆریستییەکانی ناسیۆنالیزمی عەرەبییە.

www.kurdistannet.org

ئێمە وەك كۆمەڵێك نووسەر و هونەرمەند و رۆشنبیری شاری مەریوان، وێڕای شەرمەزاركردنی جینایەتەكانی ئەم دواییانەی رژێمی سووریا لە باشووری رۆژئاوای كوردستاندا، پشتیوانیی تەواوی خۆمان بۆ ئەم جووڵانەوە تازەیە لەم پارچە هەمیشە مەزڵوومەی كوردستاندا دەردەبڕین و داوا لە هەموو لایەن و رێكخراوە نەتەوەیی و نێونەتەوەییەكان ئەكەین بەگژ سیاسەتی تیرۆرمەداری رژێمی فاشیستی سووریادا بچنەوە و چیدی نەهێڵن كورد بەم شێوەیە قڕ بكرێت.

1.فاتێح بادپەروا
2.موختار هوشمەند
3.عەدنان حەسەنپوور
4.رەزا پەرتەوی
5.موزەفەر وەیس‌پەنا
6.سابیر میكاییلی
7.بێهزاد كوردستانی
8.دانا مەنووچێهری
9.حسەین حەیدەری
10.عەزیز ناسری
11.عەدنان حسەینی
12.مێهدی خووندل
13.موزەفەر خوسبی
14.كاوات شێخەلئیسلامی
15.ژیلا حەسەنپوور
16.نێعمەت ئیزەدی
17.رەحمان هوشیاری
18.ئومید وەرزەندە
19.موحەممەد ئیزەدی
20.لەیلا حەسەنپوور
21.خوسرەو جاف
22.جەلال نووری
23.عوسمان سادقی
24.سیروان كۆنەپۆشی
25.عەلی نووری
26.رەحمان كەریمی
27.شیلان ئەمینی
28.جەلال مەنووچێهری
29.موحەممەدئەمین حەیدەری
30.حەمزە موحەممەدی
31.مەسعوود بینەندە
32.ئیبراهیم مینوویی
33.فەرید پەروازە
34.ئەختیار كاوە
35.ئەسكەندەر مورادی
36.خالید مینوویی
37.رەوف مەحموودپوور
38.تەها ئەحمەدی
39.فەرید نیكخا
40.هەماوەند لهۆنی
41.ستار چەمەنی‌گوڵ
42.ویدا سالحی
43.سروە پەرتەوی
44.عیرفان حسەینی
45.فەرزاد حەسەنزادە
46.هیوا مەنووچێهری
47.عەبدوڵڵا رەشیدی
48.فەرید ئەحمەدی
49.ئومید رەشیدی
50.یاسین خاوەری
51.عەلی خۆشنەمەك
52.دانیال ئیمانی
53.وریا بیگلەری
54.كاوە باخیشی
55.لوقمان كەریمی‌زادە
56.مەریوان هەڵەبجەیی
57.مادێح مەجیدی
58.دیاری تاب
59.جەلال سەعیدزادە
60.ئەسعەد سابتی
61.عارف حسەینی
62.حامید كۆنەپۆشی
63.چیمەن جەوانڕوودی
64.حەیدەر موهاجێر

www.kurdistannet.org